کێشمەکێشی زمانی ستانداردی کوردی

هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ئەمیر حەسەن پوور

زانیار عومرانی

زمانی ستاندارد یەکێکە لە پێویستە هەنووکەییەکانی کورد، بە تایبەتیش دوای جێگیربوونی دۆخی هەرێمی کوردستان و ئازادبوونی بەشێکی دیکەی کوردستان کە ڕۆژئاوایە و زمانی کوردیش لە پارچەکانی دیکە خەریکە بەرەبەرە گەشە دەکەن بەتایبەت لە باکووری کوردستان و لە دیاسپۆراش. ئەم دیمانەیە لەگەڵ زمانناس و لێکۆڵەر ئەمیر حەسەنپوور، لە مانگی ئابی ٢٠١٦دا لە پاریس، لەلایەن هاوکارمان زانیار عومرانی لە پاریس ئەنجام دراوە.

بۆ زمانی ستاندارد؟

زمانی یەکگرتوو لەم زەمانەدا پێویستە هەبێت، لەبەرئەوەی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان زۆر ئاڵۆز و قووڵ بووە، وەك دەڵێن دنیا بۆتە دێیەک. لە دنیادا نزیکەی ٧٠٠٠ زمان هەیە. پێوەندیی مرۆڤەکانیش زیاتر لە ڕێگەی زمانە. ئەمە بۆتە کێشەیەکی سیاسی و ئابوری ئایدۆلۆژی، لە ئێستادا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، ئەوەی پێشتر زمان پێی نەدەکرا، ئێستا زمان پێی دەکرێت.

پێشی سەردەمی مۆدێرنیتە(سەرمایەداری) پێوەندییەکان بەمشێوەی ئێستا نەبوون، زۆرجار کەسێک لە شوێنێک دەهاتە دنیا و لەوێ دەژیا و هەر لەوێش دەمرد، بەڵام ئێستا وا نەماوە. ئێستا ئەگەر کەسێک لە گوندێکیش لەدایك بێت و هەر لەوێش بژی و نەچێتە دەرێ، بەو ئامرازانەی کە لەبەردەستیدا هەیە دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ هەموو دنیادا هەبێت. پێشتر ئێمە بە زەمان و مەکان بەسترابووینەوە، بەڵام ئێستا لە ڕێیی تەکنەلۆژیاوە پێوەندیمان بە هەموو دنیا هەیە. ئەگەر هەر کەسێک بە زمانی خۆی پێوەندی بکات زۆر زەحمەت دەبێت، بەڵام ئەگەر زمانێکی یەکگرتوو هەبێت، ئەندامانی ئەو نەتەوە و وڵاتە بەشێوەیەکی پتەوتر پێوەندییان دەبێت. مەسەلەکە تەنیا زمانی یەکگرتوو نییە، کەم وڵات هەیە تەنیا یەك زمانی تێدا بێت.

لەهجەی جوگرافی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کە زمانی کوردی ڕۆژنامەی پێ نووسرا، کوردستان دوو پارچە بوو، پارچەیەکی بچووکی لە ڕووسیا بوو، پارچە گەورەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی دابوو و پارچەیەکیشی لە ڕۆژهەڵات لە ئێراندابوو.
زمانی کوردی چەند لەهجەیەکی جیاوازی هەبوو (من پێی دەڵێم لەهجە) ئەو کات و ئێستاش زۆرینە بە لەهجەی کرمانجی قسەیان دەکرد و دەکەن. پاشان لەهجەی سۆرانی، دواییش چەند لەهجەی بچووکتر. لە بارەی ئەوەی کە ئاخێوەرانی کەمترن نەك کامە باشترە لە کامەیان، لەهجەی هەورامی کە لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە لە سۆرانی کۆنترە، لەهجەی زازاکی یا دمۆلکی کە لە باکوور هەیە، دوایی لەهجەی کەلهوڕی و کرماشانی و کۆمەڵێک لەهجەی تر کە لە خوارووی کوردستانن. کوردی زمانێکی پڕ لەهجەیە. هەموو ئەو زمانانەی دەیانناسین لەهجەیان هەیە، بەڵام کوردی بەتایبەت لەهجەی جوگرافیایی هەیە. کرمانجی زۆرتر لە باکووری کوردستان قسەی پێ دەکرێت، سۆرانی لە ناوەڕاست و لەهجەکانی تر لە خوارەوە.
مەبەستمان چییە لە زمانێکی یەکگرتوو؟ جوگرافیای زمانی کوردی بەسەر زەویدا دابەشکراوە، لەت و پارە. باکوور و ناوەڕاست و باشووری هەیە. بەڵام زۆر زمانی دیکەش هەبوون کە وا بوو. زمانی چینی هەشت لەهجەی جیاوازی هەن کە هیچیان لەوەی دیکە تێناگەن. شێوە نووسینیشیان عەلامەت و نیشانەیە نەک ئەلف بێیی، کە دەنگەکان دەنووسێ، هەر لەهجەیەک دەتوانێ نیشانەی زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. بەڵام لە دەرەوەڕا هەموو خەڵک وادەزانێ چین کە وڵاتێکی یەك ملیار کەسی زیاترە، تەنیا یەک زمانی هەیە.

سەرهەڵدانی چاپەمەنی و گەشەی زمانی کوردی

یەکەم جار کە چاپەمەنی کوردی سەریهەڵدا لە ساڵی ١٨٩٨ کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی(کوردستان) لە قاهیرە چاپ کرا، بە لەهجەی کرمانجی و بە ڕێنووسی عەرەبی بوو. یەکەم کتێب کە چاپ کرا بە لەهجەی کرمانجی بوو. یەکەمین جار کە دەنگ تۆمار کرا لەسەر سیلانج بوو، هێشتا قەوان نەبوو، ساڵی ١٩٠٢ پێنج گۆرانی هەبوو بە کرمانجی.
ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بوون لە زمانی کوردیدا زیاتر بە کرمانجی بوو، چونکە شارنشینی زیاتر لە کرمانجی لەپێش بوو و ڕۆشنبیری مۆدێرن کە پەیدا بوو زۆرتر کرمانجی بوو.
یەکەمجار ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤار کە بڵاوبوونەوە بە لەهجەی کرمانجی کە زۆرتر لە ئیستەمبۆڵ بوون هیچیان دەوڵەتی نەبوون.

زمانی کوردی لە دوای شۆڕشی سۆسیالیستی

بەڵام لە ساڵی ١٩١٧ کە شۆڕشی سۆسیالیستی لە سۆڤیەت ڕوویدا، ئەو کات کوردی قەوقاس زۆرتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە عەشیرەتی بوو و ئاژەڵداریان دەکرد و خوێندەواری ڕۆڵی زۆر نەبوو لە ناویاندا، بەڵام دەوڵەتی سۆڤیەتی هەوڵیدا کە خوێندەواری لە ناویاندا پەرە بگرێ و توێژێکی ڕۆشنبیر پەیدا بوو لە ناویاندا. ڕۆژنامەی(ڕێیا تازە) بڵاوبۆوەوە و کتێب هەبوو بە کرمانجی. ساڵی ١٩٣٤ لە یەریڤان کۆنگرەیەک بەسترا بۆ زمانی کوردی و لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە پێویستە زمانی کوردی بە کرمانجی بێت.
ئەوکات لێ نەدەگەڕان کوردی پارچەکانی دیکە بچنە سۆڤیەت. چونکە بەربەستێک لە لایەن دەوڵەتانی ڕەزاشا لە ئێران و تورکیا و ئێراق دروستکرابوو و لێ نەدەگەڕان کوردی پارچەکانی دیکە بچنە ئەوێ.
ئەو کۆنگرەیە تەنیا بۆ کوردانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، چونکە کوردانی سۆڤیەت هەموویان بە کرمانجی قسەیان دەکرد.
ساڵی ١٩٣٤ باسەکە زۆر گرینگ بوو. باسەکە ئەوە بوو کە خەڵک پێوەندییان هەبێ لە بوارە ڕۆشنبیری و زانستییەکان. کوردانی سۆڤیەت ئەوکات نووسینیان نەبوو، زمانی کوردی تەنیا زارەکی بوو. لەهجەی نووسین بۆ کوردانی سۆڤیەت لەهجەی کرمانجی بوو و وایان دانا کە مەکتەبی ئەحمەدی خانی کە نووسینی کرمانجییە و بەرهەمێکی گەورەی وەک (مەم و زین)ی پێ نووسراو، ببێتە نووسینی کوردانی سۆڤیەت. هێشتا قەفقاس دابەشنەکرابوو بەسەر کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجان و گورجستان و ئەرمەنستان.
ئەوکات ٢٦ هەزار کورد هەبوو. زۆر کەم بوون. ئەوە بریاری حکومەتی سۆڤیەت بوو کە خوێندن بە کوردی بێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و دەرەبەگی بکرێ بە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی تێکۆشانێکی زۆری دەوێ. خوێندن زۆر گرینگە بۆئەوەی خەڵک خوێندەوار بن پاشان ئەدەبیاتیان هەبێ، کتێب و ڕۆژنامەیان هەبێ، ئەمەش بە زمان دەکرێ. واتە بۆ سۆسیالیزم زمان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ، بەڵام زمانی ئەدەبی نەک زمانی ئاخاوتن.

گەشەی زمانی کوردی لە دەوڵەتی عوسمانیدا

لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەودەم هەندێ هەوڵ هەبوون، کە دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، سێ پارێزگای عوسمانی بوون بە دەوڵەتی عێراق، بەشێکی بوو بە دەوڵەتی سوریا. عێراق لەلایەن ئینگلستانەوە داگیر کرا. لە عێراق ئینگلیس ڕۆژنامەیەکیان بە سۆرانی دەردەکرد بەناوی (پێشکەوتن) لە ساڵی ١٩١٨. دواتر ساڵی ١٩٢٠ کتێبێك بڵاوبوویەوە، بەناوی کتێبی(ئەوەڵەمین قەرائەتی کوردی) باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن زمانی کوردی بە ئەلف و

بێیی لاتینی بنووسرێت. کە حکومەتی شێخ مەحمود پێکهات، ڕۆژنامەی کوردی هەبوو. باشووری کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووتر بوو، بۆیە لەهجەی سۆرانی سلێمانی بوو بە لەهجەی ڕەسمی. تاڕادەیەك لە شارەدارییەکان بەکار هێنرا.

ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان

پێم وایە میرنشینەکان ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو لەو بوارەدا، بەڵام لەهجەی سۆرانی لە میرنشینی بابان ئەدەبیاتەکەی دەست پێ دەکات.
مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەدەبیاتی سۆرانی دروست ببوو. بەڵام عوسمانییەکان دوای تێکچوونی بابان، وابزانم ساڵی ١٨٦٠ بوو مەدرەسەیەکی عەسکەرییان لە سلێمانی دانا. ئەوانەی لەوێ خوێندیان بوون بە یەکەم نەوەی ڕۆشنبیرانی ئەو ناوچەیە. خوێندنەکە بە تورکی عوسمانی بوو. زمانی فەڕەنسی و تورکی عوسمانی و زۆریشیان عەرەبییان دەخوێند. بۆ نموونە تۆفیق وەهبی و مەحەمەد ئەمین زەگی بەگ لەوانە بوون، ئەو بەرە ڕۆشنبیرە مۆدێرنەی کورد کە دروست بوون، کە لە حوجرەکان دەرسیان نەخوێندبوو. چونکە خەڵکی سلێمانیش بوون، بەو لەهجەیە نووسییان. بەڵام هەموو ئەو نەوەیە لەو مەدرەسانە دەرسیان نەخوێندبوو، بۆ نموونە پیرەمێرد.

چاپەمەنیی سۆرانی و قانونی لوغات مەحەلی عێراق

لە باشوور ڕاستە چاپەمەنی بە سۆرانی بوو، بەڵام ساڵی ١٩٣١ کە دەوڵەتی عێراق قانوونی (لغات محلی) دانا، کێشەی «کرمانجی» هێنا گۆڕێ، گوتی «کوردی بە دوو لەهجەی سۆرانی و کرمانجی دەنووسرێ» بەرنامەکەی ئەوەبوو کە پێش لەوە بگرێت کە کوردی ببێتە یەکێک لە لەهجە مەحەلییە ڕەسمییەکان، ئەوکات بە لەهجەی مەحەلیان دادەنا، بۆ ئەوەی پێش لەوە بگرێت کە لە کاری ئیداریدا بەکاربهێنرێ.

شکاتی کوردان لە دەوڵەتی عێراق

ئەوکاتەی کە هێشتا دەوڵەتی عێراق لە ژێر دەستی ئینگلیسدا بوو لە سەرەتای دروستبوونی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٢، کورد لە (عصبە الامم) کە ئەوکات هاوتای (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) بوو کە دواتر دروستکرا، شکاتیان کرد کە ڕێگە نادرێ لە قوتابخانەی ناوەندی و کۆلێژ بە زمانی کوردی بخوێندرێ. ئەوکات دەبوو نوێنەری ئینگلیس ڕوونکردنەوە بدات. نوێنەرەکەی ئینگلیس لە عیسبەتولئەمەم گوتی «لە قازانجی کوردەکانە کە بەعەرەبی بخوێنن تا عەرەبی باش فێربن!» ئەوکات دەوڵەتی عەرەبی عێراقی پێی خۆش نەبوو زمانی کوردی پەرە بستێنێ، چونکە ئەوە وادەکات کورد داوای سەربەخۆیی بکات. ئینگلستانیش دژی ناسیونالیزمی کورد بوو، چونکە پێی وابوو ئەوە وادەکات کە کۆمۆنیزم لە عێراق پەرە بستێنێ.

فەڕەنسییەکان و زمانی کوردی

لە سوریا زمانی کوردی قەدەغە بوو، کوردانی ڕۆژئاوا هەوڵی زۆیان دا بە کوردی بنووسن و بخوێنن. لە سوریا دەوڵەتی فەڕەنسا ئەوەی قبوڵ نەکرد، چونکە سوریا لە ژێر دەستی فەڕەنسادا بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بەدرخانەکان گۆڤاری (هاوار)یان بڵاوکردەوە کە بە کرمانجی بوو. پاشان لە جەنگی جیهانی دووەم ڕادیۆیەک لە بەیرەوت بە کرمانجی دامەزرا و سێ گۆڤار

به کرمانجی بڵاو دەبوونەوە. ئەوە زیاتر بە قازانجی فەرەنسا بوو، چونکە دژ بە ئەڵمانیا و فاشیزم شەڕی دەکرد و لەو شوێنانە هەواڵەکانی شەڕ بڵاو دەکرانەوە.
ئینگلستانیش لە یافا لە فەڵەستین کە ئەوکات لەژێر دەستی ئەودا بوو، ڕادیۆیەکی دانا کە گۆران و ڕەفیق چالاک و چەند کەسێکی تر ئەو ڕادیۆیەیان بەڕێوە دەبرد کە بە سۆرانی بوو.
دوای کشانەوەی فەرەنساش لە سوریا، دەوڵەتی سوریان ڕێگەی نەدەدا کە کوردانی ئەوێ بە کوردی بخوێنن و بنووسن.

زمانی کوردی لە عیراقی قاسمدا

لە عێراق خوێندن و نووسین بە کوردی درێژەی هەبوو. خوێندنی سەرەتایی بە کوردی هەبوو. لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم زمانی کوردی زۆر پەرەی سەند و ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی کە ڕۆژانە دوو کاتژمێر بەرنامەی هەبوو، بوو بە ٤ کاتژمێر. چالاکی چاپەمەنی یەکجار زۆر بوو، ئەوکات لەبیرمە لە ناوەندی دەمخوێند. ڕادیۆی بەغدا تا ماوەیەك سروودی شۆڕشگێڕانەی بڵاو دەکردەوە. سرودی میللی کوردی بڵاو دەکرانەوە، حیزبەکانی دیکەش ئازادی کارکردنیان هەبوو، بە تایبەت ئەوکات حیزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان چالاک بوون.
بەڵام دواتر کە کوردانی عێراق داواکارییەکانیان زیاتر کرد، بە تایبەت کە داوایان دەکرد زمانی کوردی لە قوناغەکانی ناوەندی و کۆلێژیش دەبێ پێی بخوێندرێ، ئەوە دەبینرا کە دەسەڵاتی کودەتا ئەوەی پێ خۆش نەبوو، پاشتر کە دەسەڵاتی کودەتا زیاتر جێگیر بوو ناکۆکییەکانیش زیاتر بوون.

شەڕی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی

لە ئێران، شەڕێکی ڕادیۆیی سازبوو لە ساڵی ١٩٤٩ ئەویش لەسەر ڕادیۆی (باکۆ) بوو. لە موکریان پێیان دەگوت (ڕادیۆ دزە) واتا بە دزییەوە گوێیان لێی دەگرت و ئێزگەیەکی نهێنی بوو، بەڵام هەموو کەس دەیزانی کە ئەو ڕادیۆیەی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتە و هی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتە. مەلا مستەفا دەچێت لە ڕادیۆی باکۆ قسە دەکات و بە کورد دەڵێت شۆڕش بکەن دژی ئیمپریالیزم. کە ئەمریکا و ئینگلیس زۆر پێی تورە بوون، ئێستا ئەو شتانە دەزانین، چونکە بەڵگەنامە نهێنییەکان ئاشکرا کراون، ئەوکات ڕادیۆی (بی بی سی) ویستی بەرنامەیەکی کوردی دابنێ بۆ بەربەرەکانیی ڕادیۆی باکۆ. پاشان کە ڕادیۆی یەریڤانیش دەستی بە پەخشی کوردی کرد، شەڕەکە توندوتیژتر بوو.
هەروەها دەنگی ئەمریکاش ویستی بەرنامەیەکی کوردی دابنێ. من ئەو نامانەم خوێندۆتەوە. تورکیا زۆر پیی تورە بوو. ئەمریکا و ئینگلیس بۆ ئەوە دەیانویست کە بەرنامەی کوردی لە دەنگی ئەمریکا دابنرێ تا پێشی کۆمۆنیزم بگرن، چونکە پێیان وابوو سۆڤیەت بەرنامەیەکی وای هەیە کە لە کوردستان شۆڕش بکرێت و دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت. بەڵام تورکیا ئەوەی قبوڵ نەبوو، تورکیاش بۆ ئەمریکا و ئینگلیس گرینگ بوو. بۆیە وایان کرد کە لە کوردستانی ئێران ڕادیۆی کوردی دابنێن. ئەوە بوو کە لە سنە و لە مەهاباد ئەرتەش دەزگای زۆر سادەیان هەبوو و ڕادیۆی سنە و مەهابادیان دانا، ئەوەی مەهاباد خۆم لەبیرمە، ئەوکات خوێندکاری ناوەندی بووم، بەرنامەی وایان هەبوو کە خەڵک گوێیان لێی دەگرت.
دواتریش ڕادیۆی قاهیرە ڕۆژانە نیو کاتژمێر بەرنامەی کوردی هەبوو. بەرنامەکەی ڕادیۆی قاهیرە خەڵکێکی زۆر گوێیان لێی دەگرت و ڕادیۆکەش بە ئاسانی شەپۆڵەکەی وەردەگیرا لە هەموو پارچەکانی کوردستان.
ئەوە شەڕێکی ڕادیۆیی سازکرد، تا دواتر وایلێهات کە ئێران و تورکیا و سوریا و ئێراق

کۆبوونەوەیان هەبوو، پێش کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم، کۆبوونەوەکە ساڵی ١٩٥٧ بوو، لەوێ نارەزاییان دەربڕی بەرامبەر رادیۆی قاهیرە.

کۆماری کوردستان و ئازادی زمان

لە کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦، لەماوەی ١١ مانگی حکومەتی کۆمار چاپەمەنی زۆر هەبوون، هەڵبەت بە پێوەری ئەوکات نەك ئێستا. ڕۆژنامەی (کوردستان) کە هەفتانە سێ ژمارەی لی دەردەچوو، گۆڤاری کوردستان هەبوو کە دوو هەفتە جارێک بڵاودەبوویەوە، پێم وایە تەنیا ٤ ژمارەی لێ دەرچوو.
چیرۆکەکە دووردرێژە. ئەگەر باسی ڕۆڵی رۆشنبیرانی کورد بکەین، پێویستە وردتر لەسەری بوەستین. لە عێراق ئازادی نووسینی کوردی هەبووە، بەڵام لە ئێران تەنیا لە ماوەی ئەو یانزە مانگەی کۆماری کوردستاندا ئەو ئازادییە هەبوو.

رۆڵی چاپەمەنی و رادیۆ

تێکۆشانی ڕۆشنبیرانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان زۆر جیاواز بوو. یەکەمجار مەسەلەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی لە چاپەمەنیدا بوو، بە تایبەت دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە. پاشان ڕادیۆکان دروست بوون. لە دنیادا چاپەمەنی ڕۆڵی گرینگی هەبوو لە دروستکردنی زمانی ستانداردا، بەڵام بۆ کورد چونکە ئازادیی چاپەمەنی زۆر نەبوو و پاشان ڕادیۆ دروست بوو. ئەوکات هەموو کەس نەیدەتوانی ڕادیۆی هەبێ، چونکە زۆر گران بوو و هەموو کەس پێی نەدەکرا. لە بیرمە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ و دواتر لە مەهاباد تەنیا ماڵە دەوڵەمەندەکان ڕادیۆیان هەبوو. پاشانیش ڕۆژانە ئەوکاتەی خۆرئاوادەبوو تا کاتژمێر ١١ی شەو کارەبا هەبوو، پاشان دەبڕا. زۆرتر ئاغەواتەکان رایۆیان هەبوو.
دوای دانانی ڕادیۆی یافا کە بەریتانیا لە فەڵەستین داینا، لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان کە کۆمەڵەی ژێکاف دەریدەکرد، دەنووسێ «زۆر مەمنوونین کە دەوڵەتی بەریتانیا بە کوردی ئەو ڕادیۆیەی کردۆتەوە!»، هەمان کات هەر لە گۆڤاری نیشتمان وێنەیەکی لینینی بڵاوکردۆتەوە و باسی لینین دەکات. لە هەمان گۆڤارەکە داوا دەکات کە(بی بی سی)ش بەرنامەیەکی کوردی دابنێت. پیم وابێ ساڵی ١٩٥٨بوو کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا داوایان لە خرۆشۆف کرد کە ڕادیۆی مۆسکۆ بەرنامەیەکی کوردی دابنێ. ڕۆشنبیرانی کورد کە چالاکی سیاسیان دەکرد دەیانزانی کە ڕادیۆ هێز بە زمانی کوردی دەبەخشێ. ئەوان پێیان وابوو کە ئەگەر زلهێزێکی وەکو بەریتانیا یان ڕووسیا لە پشت زمانی کوردی بێ بەرەو پێشەوەی دەبات. ئەمە وابوو.

زمانی کوردی لە وڵاتە جیاجیاکاندا

لە هەر وڵاتێک کە کوردستانی تێدا بوو، سیاسەتەکەیان جیاواز بوو سەبارەت بە زمانی کوردی. باسی زمانی کوردی لە سۆڤیەت هەبوو و تایبەت بوو بە کوردانی ئەوێ. لە تورکیا و سوریا و ئێران بە تەواوی قەدەغە بوو. لە عێراق نووسین و خوێندنی سەرەتایی هەبوو بە زمانی کوردی بە سۆرانی، ناوچەی بادینان زیاتر عەشیرەیی بوون. دهۆک کە ئێستا بۆتە شار، ئەوکات نزیکەی ٥، ٦ هەزار کەس بوون و زاخۆش دێ بوو. ڕۆشنبیرانیش زیاتر سۆرانی زمان بوون نەک کرمانجی. ساڵی ١٩٣١ کە حکومەتی عێراق قانونی لوغاتی مەحەلی دانا کە کوردی و تورکمانی و ئاسوری ببنە زمانی مەحەلی بۆ بەکارهێنانیان لە پەروەردە و زمانی نووسین و

خوێندندا. تا دروستکردنی ئەو قانونە زمانی سۆرانی ڕەسمی بوو. بەڵام بەو قانونە ویستی دووبەرەکی بخاتە نێو کورد، گوتی بۆ ناوچە سۆرانییەکان با نووسین و خوێندن سۆرانی بێت و ناوچەی بادینانیش کە کرمانج زمانە با خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام مەسەلەکەیان یەکلایی نەکردەوە، بەڵکوو هەروا بە هەڵواسراوی هێشتیانەوە. پاشا سەربەخۆ بوونی دەوڵەتی عێراقیش لە ساڵی ١٩٣٢ داخوازییەکی ئەوتۆ نەبوو لە بادینان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی. بەڵکو لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ ئەو داوایە لەلای ڕۆشنبیرانی بادینان دروست بوو و بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا دانرا. ئەو دەم لەلای ڕۆشنبیرە سۆرانییەکان ناڕەزایەتی دروست بوو کە دەوڵەتی عێراق دەیەوێ دووبەرەکی بخاتە نێو کورد.

»سلێمانی ناوەندی ئاژاوەیە «

ئەو بەریەککەوتنەی ڕۆشنبیرانی لەهجە جیاوازییەکان وەهای دەبینم کە بۆچوونێکی دیموکراتیک بۆ لەهجەکان نییە. مەبەستم ئەوەیە کە کاتێک ناکۆکی لەهجەکان هەیە، بنەمایەکی ماددی هەیە، دەکرێ بزانین بۆچی لە باشووری کوردستان کێشەیەکی وا هەیە. لە باشوور شارنشینی و ڕۆشنبیری مۆدێرن لە سلێمانی زووتر سەریهەڵدا وەک لە شارەکانی دیکە. ئەودەم، لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ تا ١٩٤٠یش سلێمانی لە هەولێر گەورەتر بوو. سلێمانی ناوەندی بزاڤی میللی کورد بوو. ئینگلیسەکان زۆر لە سلێمانی تورە بوون. لە نامە دیپلۆماتییەکانی نێوان خۆیاندا کە ئەوکات نهێنی بوون و بەم دواییانە ئاشکرا کراون، ئینگلیزەکان دەڵێن «سلێمانی ناوەندی ئاژاوەیە» پێیان وابوو هەولێر وانییە. بەو مانایەی کە سلێمانی داخوازی میللییان هەیە و دەیانەوێ سەربەخۆبن، ئەمە ڕوانگەی ئەوان بوو.
هۆکارەکەش ئەوەبوو کە سلێمانی ناوچەی دەسەڵات بووە لە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی عێراق و دواتریش. بۆیە دواتریش سەدام حسێن دەیویست ئەو دەسەڵاتە لە سلێمانی نەهێڵێ، بۆ نموونە زانکۆی لە سلێمانی گواستەوە بۆ هەولێر. ئەمە بەرنامەیەکی ڕژێمی سەدام بوو کە ئەو هێزەی سلێمانی لە مێژوودا کۆی کردبۆوە هەر لە سەرەتای میرنشینی بابان و پاشتریش هەوڵی دا کە ئەو دەسەڵاتەی لێ وەربگرێت. سلێمانی ئەو مێژووە هێزی پێدابوو نەك بڵێین لەهجەی سۆرانی لە لەهجەکانی دیکە باشترە، هیچ لەهجەیەک لە لەهجەکەی تر باشتر نییە.

حکومەتی هەرێم و زمانی ستاندارد
دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ ئەو مەسەلەیە دەگۆڕێ و سەدام لە باشوور نامێنێ. من ئەوکات هەوڵم دا کە بزانم سنووری نێوان سۆرانی و کرمانجی چۆنە. بەڵام دوای گەڕانەوەی خەڵک لە ڕەوەکەی ١٩٩١، ئەگەر سەیری تابلۆی ناو بازاڕ و شەقامەکان بکەیت لە ناوچەی دهۆک و بادیندان بە کرمانجی بوو و لە ناوچەی سۆرانیش بە سۆرانی بوو. ئەمە خەڵکەکە بڕیاری دا، هێشتا حکومەتی هەرێم بەتەواوی پێکنەهاتبوو.

زەبروزەنگی لەهجەکان، فەرەنسا بە نموونە

لەم فەرەنسایە کە لەهجەی پاریس بۆتە زمانی ستاندارد، لێرەدا زەبروزەنگی مەدرەسەی دەوڵەتی و پەروەردەی دەوڵەتی پەیرەو کراوە و سوپا و ئیدارە بەو لەهجەیە نووسیویانە و قسەیان کردووە. واتە زەبروزەنگی کوشتاری فیزیکی نا، بەڵام شێوازی جۆراوجۆری زەبروزەنگیان بەکارهێناوە بۆ سەپاندنی ئەو لەهجەیە و بە ستاندارد کردنی. لە کوردستان مەسەلەکە ئاوا نەبووە. ڕاستە لەهجەی سۆرانی زۆرتر بەکارهاتووە لە کرمانجی. لە کوردستان تەنیا لە بادینان کرمانجی نییە، بەڵکو لە باکور و ڕۆژئاوا و بەشێکی ڕۆژهەڵات و لە سۆڤیەتیش لەهجەی کرمانجی هەیە. هەم دابەشبوونی جوگرافیایی لەهجەکان و هەم ڕادەی تەکامولی

کۆمەڵی و ئابووری کوردستان و زۆر هۆکاری دیکە وەکو مێژووی ئەوروپا نەبووە و ڕێگەی نەداوە کە سۆرانی ببێتە لەهجەی ڕەسمی.

»شۆڤێنیزمی سۆرانی«

کاتێک کۆمەڵێک ڕۆشنبیر لە سلێمانی دێن نامەیەک دەنووسن بۆ حکومەتی هەرێم و دەڵێن دەبێ لەهجەی سۆرانی ببێتە زمانی ڕەسمی، من ناوی ئەوەم نا «شۆڤێنیزمی سۆرانی». من لەو مەسەلەیەدا کە ناوم نا شۆڤێنیزمی سۆرانی باسی چەند نووسراوەیەکم کردووە، یەکێکیان باسی ئەوەی کردبوو کە سۆرانی زۆر پێشکەوتووە، ماوەیەکی زۆرە سۆرانی ئەدەبیاتی هەیە و زانستی هەیە و زۆر پێشکەوتووە! جا ئەو دەڵێ «ڕاستە کرمانجی ئەدەبیاتی هەیە، بەڵام لە بوارەکانی دیکە پێشنەکەوتووە!» ئەوەشی سەیرە کە ئەو کەسانە دەڵێن »ئێمە ناڵێین کرمانجی پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ بەڵام هەر کەسە لە ماڵی خۆی بە کرمانجی بنووسێ و بخوێنێ، بەڵام زمانی ڕەسمی دەوڵەت و پەروەردە نەبێت!» لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە دەیانگوت: "با وشەکانی کرمانجی کۆبکرێتەوە، تا سۆرانی پێ دەوڵەمەند بکرێت!"
خۆ لە ئێرانیش شۆڤێنیستە فارسەکان وایان دەگوت. دەیانگوت "زمانی کوردی لە زمانی فارسی ڕەسەنترە و پاکترە و ئارایتەرە، پێویستە وشەکانی کوردی کۆبکەینەوە تا فارسی پێ دەوڵەمەندتر بکرێت". ئەو قسانەیان دەکرد کە ڕۆشنبیرە سۆرانییەکان دەیانکرد، بۆیە من ناوم نا شۆڤێنیستی سۆرانی.

نەتەوە-دەوڵەت (Nation state)زمانی ستاندارد

نەتەوە-دەوڵەت، دیاردەیەکی سیستمی سەرمایەدارییە، نەتەوە دەوڵەت یەک جۆری نییە، سویسرا نەتەوە دەوڵەتە، بەڵام چەند زمانێکی هەیە، کەنەدا نەتەوە دەوڵەتە، ئەویش چەند زمانێکی هەیە. بەڵام زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی جیهان پێیانوایە دەبێ لەناو نەتەوە دەوڵەتدا یەك زمان و یەك زمانی پەروەردە هەبێ، تەنانەت یەك ئاڵای نەتەوەیی هەبێت وەکو هێمای نەتەوەیی. تەواوی ئەندامانی نەتەوە دەبێ لەسەر یەك شت ساغ ببنەوە بەتایبەت زمان. بەڵام هەموو ناسیونالیستەکان وەها بیر ناکەنەوە.

ڕێژەی ئاخێوەران و مێژووی ئەدەبیاتی لەهجەکان

بەکارهێنانی یەك زمان بۆ پەروەردە و کاری ئیداری کێشەی ئەوە دروست دەکات کە ئاخۆ چەند کەس بەو زمانە دەئاخێون. هەورامی ئەدەبیاتەکەی لە کرمانجی و سۆرانی کۆنترە، ئەگەر لەباری مێژووییەوە سەیر بکەین، یەکەم ئەدەبیاتی کوردی هەورامییە، دوای ئەو کرمانجی و پاشان سۆرانییە، بەڵام ئەوانەی بە کرمانجی دەئاخێون لە باشووری کوردستان لەڕووی ژمارەوە کەمترن لە سۆرانی. ئەو ناکۆکییانە لەو بارەیەوە ئەوەیە کە لەهجەکان لەبارەی پێشینەی ئەدەبیاتەوە نابەرابەرن.
یەکەم چاپەمەنی بە کرمانجی بوو. دواتر دەوڵەتی ئینگلیزی نەیدەتوانی لەهجەی هەورانی بکاتە زمانی نووسین و ئیداری، چونکە ژمارەی ئاخێورانی کەم بوون.
لە باشووری کوردستاندا زۆرترین خەڵک بە سۆرانی و پاشان بە کرمانجی و ئەوانی تر دەئاخێون. نابێ هیچ لەهجەیەك سەرکوت بکرێ یان پێشی لێ بگیرێ. ئەگەر وای دابنێین کە هەورامییەکان دەیانەوێ زانکۆیەك لە هەڵەبجە بە هەورامی دابنێن، نابێ حکومەتی هەرێم ڕێی لێ بگرێت.

زمان سەرچاوەی هێزە

زمان سـەرچاوەی هێزە. بۆ نموونە لە فەڕەنسـا، گەر کەسـێک لێرە بژی و زمانی فەڕەنسـی نەزانێ، هەندێك کەم و کوڕی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بچێتە فەرمانگەیەك یان نەخۆشـخانە، یا بچێتە بازاڕ شـتێك بکڕی یا شـتێک بفرۆشـێ کاری ناچێتە پێش. بۆیە زمان دەسـەڵات دەدات بە کەسەکان.

کێشەی ڕێنووس

ڕێنووسـیش بۆ کوردی کێشـەیە. کوردانی باکوور بە لاتینی دەنووسـن، چونکە ئەلف و بێی تورکی لاتینی بوو. پێشـتریش بەدرخانییەکان لە ڕۆژئاوا ئەلف و بێی لاتینییان بەکاردەهێنا. نامەوێ بڵێم پیتی لاتینی لە زمانی کوردیدا لەوێوە دەستی پێ کرد، لەبەرئەوەی پێش ئەوانیش لە یەکێتی سـۆڤیەت کوردی بە لاتینی دەنووسـرا، تەنانەت پێش ئەوانیش هەندێ ڕۆشـنبیر پێیان وابوو دەبێ چیتر بە ئەلف و بێی عەرەبی نەنووسـرێت. من پێم وایە ئەلف و بێی عەرەبی زۆر باشە و هیچ کێشەیەکی نییە، پێویست ناکات لە باشوور ئەلف و بێی عەرەبی بە لاتینی بگۆڕێت. لە ڕۆژئاوا ئێستا پەیڕەوە بە ئەلف و بێی لاتینی دەنووسن و دەخوێنن، ئەگەر لێیان بپرسیت، دەڵێن ئەلف و بێی لاتینی لە ڕۆژئـاوا مێژوویێکی کۆنی هەیە و کوردانی ڕۆژئـاوا هەر بە لاتینی نووسـیویانە، بەڵام من پێم وانییە وابێت. کاتێ (هاوار) بڵاو بوویەوە بە ئەلف و بێی عەرەبی بوو. پێم وایە ٩ ژمارەی یەکەمی بە ئەلف و بێی عەرەبی بوو، پاشـان کردیانە لاتینی. بەڵام لە سـەردەمی شـەڕی دووەمی جیهانی گۆڤارەکانی (سـتێرک) و (ڕۆناهی) بە ئەلف بێی لاتینی بوون، چونکە بەدرخانەکان دەریاندەکرد، ئەوان بەرنامەی ئەوەیان هەبوو کە کرمانجی بە ئەلف و بێی لاتینی بنووسـرێت. بەڵام لە کوردسـتانی ڕۆژئاوا نووسـین بە ئەلف و بێی عەرەبی هەر درێژەی هەبوو. من دیوانی مەلای جزیریم لایە کە بە ئەلف و بێی عەرەبی نووسراوە، زۆربەی ئەو ڕۆژنـامانەش کە بە نهێنی لە ڕۆژئاوا بڵاو دەبوونەوە بە ئەلف و بێی عەرەبی بوون. بەڵام ئەوە لە ڕۆژئاوا کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووە، بەڵکو وردە کێشە هەبوو.

زمان و ناسیۆنالیزم

زمانی کوردی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا. لەسـەر ئاسـتی دنیاشدا هەر وابووە. چونکە زمان هۆکارێکە بۆ ڕێکخسـتنی ئەندامانی نەتەوە. بەڵام کاتێ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەڕووخێت و ئەو دەوڵەتانە دروست بوون کە کوردیان تێدایە لە ساڵی ١٩١٨، هەر یەك لەو وڵاتانە هەوڵی زۆریان دا پێش بە زمانی کوردی بگرن و نەهێڵن پەرەبسـتێنێ، چونکە زمان هۆکارێکی گرینگی دروسـت بوونی نەتەوەیە، بۆیە لە تورکیادا تەنانەت قسـەکردنیش بە کوردی قەدەغە بوو. لە سـەردەمی ڕەزاشـا، لە ئێرانیشـدا وابوو. بۆیە سـەرکوتکردنی زمان، دەبێتە هۆی تێکۆشـانی ئەو کەسـانە کە زمانەکەیان سـەرکوت کراوە. زمان دەبێتە شـەڕگەیەکی خەباتی نەتەوەیی و ناکۆکییەکان توندوتیژتر دەکات.

ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە زمانی ستانداردا

ئەگەر تەماشـا بکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان زۆربەی حیزبەکان لە ناوچەی موکریان دروسـت دەبن و هەر بەو لەهجەیەش دەئاخێون و دەنووسـن، لە باشـووریش لە ناوچەی کۆنی میرنشـینی بابان یان سلێمانی حیزبەکان دروست دەبن، بۆیە ئەدەبیاتیشیان هەر بەو لەهجەیە تا

شۆڕشی ئەیلول لەهجەی کرمانجیش دێنێتە ناو کاری حیزبی و لە ڕادیۆی ئەو کاتەدا بە لەهجەی کرمانجیش قسە دەکرێت، بەڵام لە چاپەمەنیدا هەر لەهجەی سۆرانی زاڵ بووە.
لە باکووریش ناکۆکی لە نێوان زازاکی و کرمانجیدا هەیە، بەڵام ناکۆکییەکە زۆر زەق نەبۆتەوە، لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠وە چەند ڕۆشنبیرێکی زازا پەیدا بوونە کە دەڵێن ئێمە کورد نین و نەتەوەیەکی دیکەین، ئەمەش لەسەر بنچینەی زمانە. دەکرێ ئەو کەسانە ئەوانە بن کە لە بزووتنەوەی میللی کوردی لەو بەشەی کوردستان ناڕازیین جا چ پەکەکە بێت یان هێزی دیکە، بەڵام نازانم ئاخۆ ئەمە هۆکارەکەیە یا نا.
کاتێک خەڵک لەهجەی جۆراوجۆری هەیە، دەکرێ بڵێن ئێمە سەر بەو نەتەوەیە نین. بەتایبەت لەو کاتەدا کە سەرکوتکردن هەیە، بۆیە دەڵێم دیموکراتیزەکردنی زمان زۆر گرینگە. نابێ بە هیچ شێوەیەک زەبروزەنگی دەوڵەتی بەکاربهێنرێ دژی هیچ لەهجەیەك، مەبەستم لە زەبروزەنگ، زەبروزەنگی فیزیکی نییە.

پەتیگەری و ناسیۆنالیزم

پەتیگەری لە زمانی کوردیدا دروستکراوی ناسیونالیزمی کوردییە.
ئەوانەی پەرە بە پەتیگەری دەدەن دەڵێن زمانی کوردی زمانێکی ژێردەستەیە، ئەوە ڕاستە. پاشان دەڵێن ئەو ژێردەستییە بۆتە هۆی ئەوەی کە وشەیەکی زۆری زمانە باڵادەستەکان بەتایبەت عەرەبی و تورکی و فارسی بکەوێتە ناو زمانی کوردی، ئەمەش ڕاستە. بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە بۆ چارەسەری ئەمە دەڵێن دەبێ وشەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی لەناو زمانی کوردی لاببەرین. جا ئەوەی سەیرە کاتێ کوردانی باشوور دێن وشە عەرەبییەکان لادەبەن، زۆر جاران وشەی فارسی لەجێ دادەنێن! گەلێ جار گوێم لێ بووە دەڵێن ئێمە و فارس ئارياييین بۆیە ئەو وشانە بەکاردەهێنین.
کوردانی ڕۆژهەڵات چونکە لە ژێر دەستی فارسدان، دێن وشە فارسییەکان لە زمانی کوردی لادەبەن، هەندێ جار وشەی عەرەبی دەهێنن، بۆ نموونە وشەی(فشار) فارسییە، هەندێک دەڵێن(گوشار) هەڵبەت من نازانم ئەو گوشارە لە کوێ هاتووە، پێم وایە دایانتاشیوە، جا لە شوێنی (فشار) دێن (زەخت) بەکاردەهێنن، باشە ئەگەر فشار بێگانەیە، خۆ زەختیش بێگانەیە.
کوردی باکووریش کە زۆر لەمێژە لەژێر دەسەڵاتی تورکیادان، ئەوان نەك هەر لەبارەی وشەوە، بەڵکو لە ڕستەسازیشدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تورکی، بۆیە بۆ ئەوان زۆر سەختە ڕزگاریان بێت لە زمانی تورکی، بەڵام ئەوانیش هەر وان، هەندێ جار لەباتی وشەی عەرەبی بەکاربهێنن، پێم وایە کێشەی بە پەتی کردنی زمانی کوردی نەك هەر ناسیۆنالیستانەیە، بەڵکو هەندێ جار ڕەگەزپەرستانەشە.
بۆ چارەسەری ئەمە، چارەسەرێک هەیە کە تەنیا خەیاڵ نییە، بەڵکو کراویشە.
بۆ نموونە ئەوەی هێمن و هەژار کردوویانە. براکەم(جەعفەری حەسەنپور) تێزی دکتۆراکەی لەسەر ئەوە نووسیوە. بۆ نموونە هێمن هەم لە شیعر و هەم لە پەخشان(نەثر)دا ئەو وشە خوازراوانەی کورد وەری گرتوون بەکاری هێناون، با وشەکان عەرەبی یان فارسی یا تورکی بن. زۆر جار وشەی گوندەکانیشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە زۆر وشە هەیە لە گوندەکان و ناوچە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت، هێناویەتییە ناو زمانی نووسین.

زمان وەک شوناسی نەتەوە

مەسەلەی شوناسی کوردی لە ڕێگەی زمانەوە پێش سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردییە، بۆ نموونە ئەحمەدی خانی و مەلا جزیری پێش ناسیۆنالیزمی کوردی دێن بە زمانی کوردی دەنووسن. بەڵام کاتێ ناسیۆنالیزمی کوردی پەیدا دەبێت، زمانی کوردی زۆر گرینگتر دەبێت.

بۆ حاجی قادری کۆیی هەموو شتێك بە زمانی کوردی دەست پێ دەکات. حاجی قادری کۆیی یەکەم ڕەخنەی لە شێخ و مەلایان ئەوەی کە خورافاتین، ڕەخنەیەکی دیکەی ئەوەیە کە بە کوردی ناخوێننەوە.

بەو پرۆسەی بە پەتی کردنی کوردییە، زمانی کوردی هەژار کراوە. بۆ نموونە وشەی ئەبستراکت-مجرد، کە لە هەم لە زمانی رۆژانە و هەم لە زانست و فەلسەفەدا بەکاردەهێنرێت، دیومە ئەوانەی شۆڤێنیستن و لە زماندا کار دەکەن، ئەو وشەیە زۆر جار دەقرتێنن، ئێمە لە کوردیدا وشەیەکمان نییە بۆ ئەبستراکت.

ڕۆشنبیرانیش بەرپرسیارن

پێم وایە تەنیا حیزبەکان بەرپرسیار نین لە کێشەکانی زمانی کوردی، بەڵکو ڕۆشنبیرانیش بەرپرسن. ڕەنگە ڕۆشنبیرەکان حیزبیش نەبن. ئەو حیزبانەش ڕۆشنبیرەکان دروستیان کردوون. لە کوردیدا ناسیۆنالیزم ڕاسیزمیشی تێدایە، بەتایبەت ڕاسیزم دژی عەرەب و ئیسلام. هەندێك دەڵێن کورد زەردەشتی بووە، نازانم چۆن دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە کورد زەردەشتی بووە! تا ئێستا من هیچ بەڵگەیەکم نەدیوە لەسەر ئەوە. دەڵێن ئێمە ئارییاین و لە ڕەگەزێکی پاکین و عەرەب لە ڕەگەزێکی پیسی سامین، وەکو هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی دەڵێن(عەرەبەکان سوسمار خۆرن) نەمدیوە کورد وا بڵێن، بەڵام دوور نییە وتبێتیان!

لەلایەکی دیکەوە دەڵێن، زمانی کوردی ناکرێ بە ئەلف و بێی عەرەبی بنووسرێت، چونکە ئەلف و بێی عەرەبی سامییە و کوردی ئارییایە، سەیری ئەمە بکە، ئەمە تەواو ڕەگەزپەرستانەیە.

من پێم وایە هۆکاری ئەوەی کە زمانی کوردی لە بواری زانستیدا زۆر پێشنەکەوتووە دوو هۆکارە یەکێکیان ڕۆشنبیرانن کە زمانەکەیان کۆڵەوار کردووە کردووە، بەتایبەت بەناوی پەتیگەری هەموو وشە خوازراو و بێگانەکانیان لابردووە. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە ناهێڵن زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە بەتایبەت لە زانکۆکاندا. بۆئەوەی زمانی کوردی بتوانێ لە داهاتوودا بمێنێ دەبێ ببێتە زمانی پەروەردە لە مەدرەسەی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆدا.

زمانی زانستیی کوردی

کەموکوڕییەکی دیاری کوردی لە بواری فیکر و زانستدا ئەوەیە کە زاراوە و وشەکان زۆریان لەلایەن پەتیگەرەکانەوە لابراون. بۆ نموونە (کتێب) و(قەڵەم) ئەوانە لە کۆنەوە کورد بەکاریهێناون و لە عەرەبییەوە وەرگیراون، ڕەنگە عەرەبیش لە زمانی دیکە وەریگرتبن. ئەوان دێن کتێب دەکەنە پەرتوک و قەڵەم دەکەنە پێنووسن و کاغەز دەکەنە تێنووس.

مامۆستا هێمن لە شیعری(بەهاری کوردستان)دا دەڵێت:

هێمن لەسەرەخۆبە
نەکەی بچی بۆ هۆبە
دەنا دەشکێنی تۆبە
ئاور دەگری وەک سۆبە

من جارێك بە مامۆستا هێمنم گوت: دەزانی هەردوو وشەی. هۆبە و سۆبە کە لەو شیعرەدا بەکارت هێناون دوو وشەی تورکمانی و مەغۆلین و هاتوونەتە ناو کوردییەوە. ڕۆشنبیرێکی وەکو مامۆستا هێمن کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە ڕۆژنامەی کوردستان گۆشەیەکی هەبوو وشەی پەتیی کوردی لە بەرامبەر وشە فارسییەکان دادەنا. بۆ نموونە ئەو هات وشەی(پێشمەرگە)ی بەکارهێنا، وتی ئێمە لە زمانی ئاخاوتندا ئەو وشەیەمان هەیە. ئەویش نەیدەزانی کە وشەی هۆبە و سۆبە کوردی نین.

دامەزراندنی مید تی ڤی و زمانی کوردی

یەکەم تەلەڤیزیۆنی سـەتەلایتی کوردی کە دامەزرا، من چووم بۆ ئەوەی بزانم چۆنە و شـتێکی لەسەر بنووسم، لەبەرئەوەی بەشێك لە کارەکەی من کۆمینیکەیشنە. کاتێ دەچوویتە تی ڤییەکەوە جگە لە ناو سـتۆدیۆ و لەکاتی بەرنامەکاندا، زۆربەی هەرە زۆری کارمەندەکان کە دەهاتنە کافێتیریاکەوە و پێکەوە دادەنیشتن بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد. ئەوە مانای ئەوەیە کە زمانی کوردی لە تورکیا زۆر سـەرکوت کراوە، بەڵام لە ئێران وا نەبوو، ئێمە لە قوتابخانە بە فارسـی دەمانخوێند، بەڵام لە ماڵەوە بە کوردی قسـەمان دەکرد. دەوڵەت نەیدەوت ئێوە مافی ئەوەتان نییە کە بە کوردی قسە بکەن، تەنانەت لە مەدرەسەش لە دەرەوەی کلاس بە کوردی قسەمان دەکرد، بەڵام لە تورکیا وا نەبوو. زمانی کوردی قەدەغە بوو.

ئینتەرنێت و زمان

دنیای ئینتەرنێت دەتوانێ پێوەندیی دەسـەڵات بگۆڕێت. لەبەر تەکنەلۆژیا خوێندنەوە وەکو جاران نەماوە. بۆ نموونە دەتوانی تێکستێك بخەیتە سەر کۆمپیوتەر و بە دوگمەیەک کۆمپیوتەرەکە بۆت بخوێنێتەوە یان بۆت وەربگێڕێت. خوێندنەوە خەریکە دەبێتە شـتێکی تەوەزەل، خوێندنەوە وەکو جاران نەماوە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە. ڕەنگە ئەمە هێشـتا بۆ زمانی کوردی زۆر پێشـنەکەوتبێ، بەڵام لە داهاتوودا دەکرێ ئەوە بۆ زمانی کوردیش بکرێت.
لایەکی دیکەوە ئینتەرنێت بۆتە هۆی لێك نزیککردنەوەی لەهجەکـان، بۆ نموونە لەرێگەی مۆبایلێکەوە شـوانێک لە شـاخ و کێوەکانەوە دەتوانێ سـەیری تەلەڤیزیۆن بکات و گوێی لێ بگرێت کە بە هەر لەهجەیەکە، بە سۆرانی یان کرمانجی بێت، پێشتر ئەوە نەبوو.

ئاژاوەی زمانی

ئەوەی کە ئێسـتا لەناو زمانی میدیای کوردی هەیە، جۆرێکە لە ئاژاوەی زمانی، بەڵام ئەکادیمیا لە هیچ کوێی دنیادا ناتوانێ ئەوە چارەسـەر بکات. ئەکادیمیای فەرەنسـی یەکێکە لە ئەکادیمیا بەهێزەکانی دنیا، لە سی چل ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵی داوە کە بەر لە وشە
weekend.بگرێت، بەڵام نەیتوانیوە
ئەکادێمیا ئەو دەسەڵاتەی نییە، خەڵك بڕیار دەدات چ وشەیەک وەردەگرێت.

دەوڵەتی کوردی زمان پێش دەخات

ئەگەر کوردسـتانی باشـوور سـەربەخۆ بێت، هەندێ ناکۆکی کە ئێسـتا لە زماندا هەیە درێژەی دەبێ، بەتایبەت ناکۆکییەکانی نێوان سـۆرانی و کرمانجی. بەڵام لە ئاسـتی نێونەتەوەییدا زمانی کوردی پەرەدەستێنێ، بەڵام ئەوەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە پێوەندییە ناوچەیی و نێودەڵەتییەکان چۆنە. بۆ نموونە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ئەوانەی کە زمانی بێگانەیان لە زانکۆکاندا دەخوێند، زۆرتر عەرەبی و تورکی و فارسییان هەبوو و کوردی نەبوو، چونکە کورد وڵاتی خۆی نەبوو، بەڵام کاتێ سـاڵی ١٩٥٨ کودێتا لە عێراق کرا، ئەمریکا زۆر لەو کودێتایە دەترسـا چونکە پێی وابوو ئەو ئەفسـەرانەی کودێتایان کرد عێراق بەرەو کۆمۆنیزم دەبەن و دژ بە ئیمپریالیزمن، بۆیە کورد بایەخی پەیدا کرد لای ئەمریکا، کاتێ بارزانی لە دژی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕی، ئەمریکا زۆری پێ خۆش بوو و پشـتگیری کوردی کرد. ئەمریکا بەرنامەیەکی هەبوو ئەوکات بە ناوی زمانە ستراتیژییەکان بوو

Stratigic languages
ئەوە لیستی ئەو زمانانە بوو کە لای ئەمریکا زمانی ستراتیژی بوون، بەڵام کوردی تێدا نەبوو، لەدوای ساڵی ١٩٥٨ەوە زمانی کوردی خرایە ناو ئەو لیستەوە و بوو بە یەکێک لە زمانە ستراتیژییەکان لای ئەمریکا. ئەوە مانای ئەوە بوو کە وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا پارەی تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی لە زانکۆی مێشیگان وانە بە زمانی کوردی بگوترێتەوە. کەسێک بەناوی ئێرمس مەکارێس چووبووە کوردستان و کتێبێکی بەناوی گرامەری زمانی کوردی دانا. مەکارس و مامۆستایەکی کوردی کە لە سلێمانییەوە هێنابوویان لە زانکۆی مێشیگان دەرسی کوردییان دەگوتەوە.

ئەمە ڕۆڵی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی، بەڵام جگە لە مەسەلەی دەوڵەت هۆکاری دیکەش بۆ گەشەکردنی زمان زۆرن. ئەگەر لە عێراقدا بەشە عەرەبییەکە سەقامگیر بێتەوە، دیسان زمانی عەرەبی دەسەڵات پەیدا دەکاتەوە و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی دەبێت. بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەبێت و پەروەردە بە زمانی کوردی بێت، بێگومان منداڵەکان بە کوردی دەخوێنن ئەمەش وا دەکات کە زمانی کوردی پێشبکەویت و ببێت بە زمانی ڕۆشنبیری. بەڵام ئێمە نابێ ئەو بابەتە هەر بە دەوڵەتەوە ببەستینەوە، ڕۆشنبیرانیش ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، هەروەک حاجی قادری کۆیی دەیوت کە بێگانە بە وەرگێڕان زمانەکەی وای لێهاتووە، بۆیە پێویستە ئێمەش کتێب لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی وەربگێڕین. من ئاگادارم کە زمانی کوردی و عەرەبی بەهۆی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی مارکسیستی وایان لێهاتووە کە زۆر وشەی مۆدێرنیان بێتە ناو و ببن بە زمانی مۆدێرن.

ڕۆڵی چەپەکانی کوردستان لەسەر زمان

چەپەکان ڕۆڵی زۆر گەورەیان لەسەر زمانی کوردی هەبووە. بەتایبەت هێمن و گۆران. هێمن زمانی پەخشانی زۆر جوانە. ئەو چەپێکی ناسیۆنالیست بوو، گۆران شاعیرێکی هەرە گەورەی کوردە و کۆمۆنیست بوو. کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژنامەگەریدا بەهێز بوون. هەرچەندە ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆر نەبووە و نەیانتوانیوە کە زۆر بنووسن. زۆرجار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرەوەی حیزبە چەپەکان شتیان دەنووسی. هەروەها قەدری جان و جگەرخوێن کە بە کوردی دەیاننووسی لە حیزبی شیوعیدا بوون. لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە زمانی کوردی زمانێکی سەرکوتکراوە. لینین مەسەلەی زمانی زۆر بۆ گرینگ بووە، لە شوێنێکدا دەڵێت "دەبێ خەبات بکرێت لە دژی سەرکوتکردنی زمانی و پێویستە هیچ بەربەستێک لەبەردەم ئازادی زمان و لەهجەکان نەمێنێت."

پیاوسالاری زمانی کوردی

زمانی کوردی بەتەواوی پاتریارکی و دژ بە ژنە. ئەوەی من لێکۆڵینەوەم لێی کردووە لەبارەی وشەکانەوە کە پاتریارکییە. بەڵام زمانەکانی دیکەش وان، تورکی، فارسی، عەرەبی و تەنانەت ئینگلیزیش. زمانی ئینگلیزی لێکۆڵینەوەی یەکجار زۆری لەسەر کراوە. دەیان فەرهەنگی فێمێنیستی زمان دروستکراوە، لەو فەرهەنگانەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە چۆن بە ئینگلیزییەک قسە بکەیت کە دژی ژن نەبێت. بەڵام زمانی کوردی دژی کەمە نەتەوەییەکان و خەڵکی زەحمەتکێشە، زمانی کوردی زمانێکی چینایەتییە، زۆر جار دژی جولەکە و مەسیحییەکانە. پێم وایە پێویستە ڕۆشنبیری کورد ئەوە بێت کە کار لەسەر ئەوە بکات.

بیۆگرافیا:

ئەمیر حەسەن پوور
ساڵی ١٩٤٣ لە مەهاباد لەدایك بووە.
ساڵی ١٩٦٤ لە تاران بەکالۆریۆسی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی زمانەوانیی زانکۆی تاران ماستەری تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٨٩ لە بەشی پێوەندییەکانی زانکۆی ئیلینوای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دەهێنێ. دکتۆراکەی لەسەر زمانی کوردییە بە ناونیشانی: هۆکاری زمانی بۆ پێشخستنی نەتەوە: بە ستانداردکردنی زمانی کوردی ، ١٩١٨-١٩٨٥
چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی نووسیوە.
لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ لە کەنەدا کۆچی دوایی کرد.